**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی سالی (1992) ی، هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەریمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (11)ی رۆژی (2007/4/18) ی خۆیدا، بریاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە( 7 )ی ساڵی 2007**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پاریزەرانی هەریمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (18)ی ساڵی 1999**

**ماددەی یەکەم:**

برگەی (یەکەم) لە (دووەمدا) لە ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکری ئەمەی خوارەوە جیی دەگریتەوە.

یەکەم: بری بەشداریی کردنی ساڵانە بەپیی ماوەی تۆمارکردنیان، لە پاریزەران بەم شیوەیەی خوارەوە وەردەگیریت.

أ- (30000) سی هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تینەپەری بیت.

ب- (40000) چل هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵ بەسەر تۆمارکردنی دا تیپەری بیت.

ج-(50000) پەنجا هەزار دینار ئەگەر (پینج) ساڵ بەسەر تۆمار کردنی دا تیپەری بیت.

د- (60000) شەست هەزار دینار ئەگەر(دە) ساڵ بەسەر تۆمارکردنی تیپەری بیت.

هـ- (70000) حەفتا هەزار دینار ئەگەر (پازدە) ساڵ بەسەر تۆمارکردنی دا تیپەری بیت.

و- (75000) حەفتا وپینج هەزار دینار ئەگەر (بیست) ساڵ یا زیاتر بەسەر تۆمارکردنی دا تیپەری بیت.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (15) لە یاساکە هەمواردەکری وبەم جۆرە دەخوینریتەوە:

مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکریت لەسەر بنەمای (2000) دوو هەزار دینار بۆ هەر مانگیك بۆ ماوەی خانەنشینی بەپیی حوکمەکانی ئەم یاسایە وبۆ ئەم مەبەستەش بەشی مانگی دوایی بەمانگی تەواو دادەنریت.

**ماددەی سییەم:** ماددە (16) لە یاساکە هەڵدەوەشیتەوە ئەمەی خوارەوە جیی دەگریتەوە:

دەکریت مافی خانەنشینی پاریزەرایەتی وفەرمانبەریەتی یا کارکردن یا هەر مافیکی خانەنشینی لەسندووقیکی تر بخریتە سەر یەك بەمەرجیك هەمووی لە (750000) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار تینەبەریت.

**ماددەی چوارەم:** بڕگەی دووەم لە مادده (20) هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

دووەم: لە کاتی ئیعتیرازکردنی پاریزەر یا خانەنشین لەلای ئەنجومەنی وردەکاریی(15000) پازدە هەزار دیناری وەك یارمتە لێوەردەگیرێ وکاتێك کە دەرکەوت لە ئیعتیرازەکەی خاوەن هەقە ئەوا پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:** ماددەی (21)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە ئەمانە دەبەخشێ:

1- خێزانی ئەو پارێزەرانەی کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ـ عیراق شەهید بوون مووچەیەکی خانەنشینیان پێ دەدرێ کە مانگانە (400000)چوارسەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.

2- خێزانەکانی ئەو پارێزەرانەی کۆچی دواییان کردووە لە دوای کشانەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە کارگێڕیی کوردستان لە 1991/10/23وە تاکو دەرچوونی یاسای سندووقی خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (18)ی ساڵی 1999 مووچەیەکی خانەنشینیان پێدەدرێ مانگانە لە (300000) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو پارێزەرانەش دەگرێتەوە کە پێشتر بەر لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون ومووچەکانیان بەو پێیە هەموار دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیاریك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە تایبەتمەند ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

---

**تێبینی: ئەم یاسایە دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان – وە لەژمارە** (68) **ساڵی هەشتەم –ی رۆژی** 2007/7/5 **رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە.**